National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان
## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## سێیەم راپۆرت: گرفتی پێداویستی قوتابخانەکان لە سنوری گەرمیان
## کانونی یەکەم 2017

1/1/2018

# پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |



## بەشی یەکەم: ناساندن

1. پێشەکی
2.کارنامەی یەکەکە
3.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێك لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.
دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەك زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.
ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.
کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەك هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێك لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.
بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشك لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.
هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.
هەروەك بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاك و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

یەکەم: ناساندن
یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دووەم: ئامانجی یەکە
1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاولاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە
1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵك و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە
1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.
3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەك و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوضةی گەرمیان

1. رادیۆی دەنگ:
رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەك گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاولاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێك چالاکی هونەریی).

2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوك بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێك قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی:(کەلار و کفری و بەشێك لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوك کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێك لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە،پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دوەم: راپۆرت (گرفتی پێداویستی قوتابخانەکان لە سنوری گەرمیان)

1. دەستپێك:

2. گرفتی کەمی پێداویستی لە سنوری پەروەردەی کەلار:

3. ئاماری ئەو پێداویستیانەی لە قوتابخانە بنەرەتی و ئامادەییەکانی سنوری پەروەردەی کەلاردا هەیە بۆ ساڵی (2016- 2017 ):

4. کەمی پێداویستی و گرفتەکانی لە سنوری پەروەردەی کفری:

5. قەبارەی گرفتی پێداویستی لە قوتابخانەکانی گوندەکان:

6. گرفتەکانی کەمی پێداویستی و کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی خوێندن:

7. هۆکاری کێشەکە:

8. میکانیزمی دابەشکردنی پێداویستیەکان بەسەر ناوەندەکان:

### 1. دەستپێك:

کەمی پێداویستی لە ناوەندکانی خوێندن لە سنوری پەروەردەی گەرمیان یەکێکە لە گرفتە دیارەکانی کەرتی پەروەردە، لە پاش قەیرانی دارایی گرفتەکان زیاتر قوڵبونەتەوە و زۆرێك لە ناوەندەکان روبەروی ئەو گرفتە بونەتەوە، بەو هۆیەشەوە گرفتی زۆری بۆ خوێندکاران دروست کردوە بەتایبەت بابەتە زانستیەکان.

قەزای کەلار بە ناحیەکانی ( رزگاری، شێخ تەویل و پێباز) و سەرباری ناحیەکانی (کۆکس، قورەتو، مەیدان و بەمۆ)، تێکڕا (243) قوتابخانە بونی هەیە بە بنەڕەتی و ئامادەیی و باخچەی ساوایان و خوێندنی خێرا، لە قەزای کفریش بە ناحیەکانی (زینانە، جەبارە، سەرقەڵا، نەوجول و ئاوەسپی)، (81) قوتابخانە هەیە بە بنەڕەتی و ئامادەیی و باخچەی ساوایان و خوێندنی خێرا، لە قەزای خانەقینیش بە ناحیەی قەرەتەپەوە (16) قوتابخانە هەیە بە بنەڕەتی و ئامادەییەوە.

لە کۆی تەواوی ئەو قوتابخانانە ئایە چەندیان هۆڵی تاقیگە و هۆڵی کۆمپیوتەر و هونەری و سیمیناریان هەیە؟ چەندیان یاریگای وەرزشی هەیە؟ چەندیان تۆڕی ئاو خواردنەوەیان هەیە؟ چەندیان سپلیت و سۆپایان هەیە؟ چەندیان باخچەیان هەیە؟ چەندیان کتێبخانەیان هەیە؟

لەم راپۆرتەدا بە وردی وەڵامی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکەتان بۆ رون دەکەینەوە.

## 2. گرفتی کەمی پێداویستی لە سنوری پەروەردەی کەلار:

نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکانی خوێندن و بە تایبەتیش ئەو بابەتانەی پێداویستی تایبەتی خۆی هەیە وایکردوە چەن بابەتێك ببنە بابەتی لاوەکی یاخود هەر هەڵبگیرێن و نەخوێنرێن لە ناوەندەکاندا.

سۆران جەلال فەرەج، بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی ئەحمەدی خانی ئێواران لە کەلار دەڵێت: "لە زۆربەی ناوەندەکانی خوێندن گرفتی نەبونی پێداویستی هەیە بە تایبەت ئامادەییەکان، ئێمە گرفتی نەبونی نەوتمان هەیە کە خوێندکارەکانمان بەهۆی سەرماوە هەندێك جار لە دوای وانەی سێیەم دەڕۆنەوە." دەشڵێت: "تەنانەت گرفتی قەڵەم و وەرەقەی (A4)مان هەیە، خوێندکاران خۆیان دەیهێنن بە هاوکاری خێزانەکانیان لە کاتێکدا قەیرانی دارایی کاریگەری کردوەتە سەر ئەوانیش".

وتیشی: "بەو هۆیەی ئێمە دەواممان ئێوارانە وانەی وەرزش و هونەر ناخوێنین و هەڵگیراوە لە کاتێکدا گرنگە هەبێت بۆ خوێندکاران، هەروەها نە کۆمپیوتەرمان هەیە نە کتێبەکەی و نەهۆڵەکەشی."

ئاماژەی بەوەشکرد: "لە روی رەحلە و بۆردەوە باشین، ئەگەر چی گرفتیشمان هەیە، چونکە رەحلەکان کۆنن، هەروەها لە روی کتێبەوە لە هەندێك بابەت گرفت هەیە لە هەندێك زیادە."

بەشێك لەو قوتابخانانەی پێش قەیرانی دارایی دروستکراون گرفتیان کەمترە لە چاو قوتابخانە کۆنەکان بە تایبەت لە روی گۆڕەپانی وەرزشیەوە.

ماجد سلێمان محەمەد، مامۆستای وەرزش لە ئامادەیی ئیبراهیم ئەحمەد لە کەلار دەڵێت: "گرفتی ئەوتۆمان نیە لە پێداویستی بابەتی وەرزش، چونکە ساڵانی پێش قەیرانی دارایی پێداویستیەکانیان بۆ دابین کردین، ئێستاش هەرگرفتێکی سەرەتایمان هەبێت لە بەشە پارەی حانوت (فرۆشگا)، پێداویستیەکانمانی پێدەکرین".

وتیشی: "کەمکردنەوەی وادەی رۆژەکانی خوێندن گرفتی بۆ دروستکردوین و قوربانی سەرەکی وانەی وەرزش بوە، چونکە هەمو چالاکییە وەرزشیەکانمان راگیراوە و وەك پێویست گرنگی بە وانەکە نادرێت، بەهۆی ئەوەی لە تاقیکردنەوەی وزاری وانەی وەرزشی تێدا نیە بۆیە وا پشتگوێ خراوە."

گرفتی نەبونی پێداویستی وەرزشی لە ناوەندەکانی خوێندن شتێکی نامۆ و دەگمەن نیە، بەڵکو بەشێکی زۆری ناوەندەکان گرفتیان هەیە و هەر یەکە و بەشێوەیەکی جیاواز.

رێکەوت رەوف حەمەئەمین، مامۆستای وەرزش لە قوتابخانەی مەریوانی بنەرەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "ئێمە وەك مامۆستایانی وەرزش لە هەر قوتابخانەیەك بەپێی توانای خۆمان گرنگی بە بابەتی وەرزش دەدەین، بەڵام ئەو پێداویستیانەی کە هەمانە وەك پێویست نیە و ئەوانەشی کە هەمانن کۆنن." دەشڵێت:"هەرچەند داوا دەکەین هیچ پێداویستیەکمان بۆ دابین ناکەن، بەهۆی ئەوەی پارەی پێویستیان نیە".

وتیشی: "ئێمە چەندین جۆر یاریمان هەیە وەك (بالە، تێنس، تۆپی پێ، تۆپی سەرمێز و تۆپی دەست)ە، ئەو پێداویستیانەی کە هەمانن وەك پێویست نین و تەنها یاری دو گۆڵی دەکرێت زیاتر، ئەو جۆرە یارییەکانی تر پێداویستیمان نیە ئەوانەشی کە هەن کۆنن و بەکارنایەن."

هاوشێوەی وانەی وەرزش لە بەشێکی زۆری قوتابخانەکان وانەی هونەریش پشتگوێ خراوە یان گرنگی پێنادرێت، عەباس ئەنوەر محەمەد، مامۆستای هونەرە لە قوتابخانەی رۆژدی بنەرەتی لە کەلار دەڵێت: "بابەتی هونەر ساڵانی رابردو گرنگی پێدەدرا، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی بە هۆی قەیرانی دارایی بە تەواوی پەرراوێز خراوە هیچ کەرەستەیەکی نیە و نەماوە، رەنگە لە هەندێك ناوەند مامۆستا لەسەر حیسابی خۆی هەندێك کەرەستە بهێنێت و وێنەی لەسەر بکێشێ، بەڵام لە ناوەندەکان پەراوێز خراوە".

وتیشی: "نەبونی پێداویستی هونەر لە ناوەندەکان گەورەترین گرفتە کە روبەروی مامۆستایان بوەتەوە، چونکە ناتوانن وەك پێویست وانە بە خوێندکار بڵێنەوە، لەگەڵ ئەوەش لە هەندێك لە ناوەندەکان وانەکە هەر هەڵگیراوە یان کراوە بە وانەی لاوەکی و خراوەتە کۆتا وانە لە رۆژانەی خوێندن."

هێرۆ کەمال محەمەد، مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی وڵاتی بنەرەتی لە قەزای کەلار، سەبارەت بە گرفتی کەمی پێداویستی لە ناوەندەکەیان دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە هۆڵی تایبەت بە هونەر نیە، بەڵام ژورێکی بچوکمان هەیە لەگەڵ مامۆستای دەوامەکەی تر بە پێی توانای خۆمان گرنگی پێدەدەین هەندێك پێداویستی تێدایە، بەڵام وەك پێویست نیە لە پێداویستی هونەری".

وتیشی: "ئەوە بۆ ماوەی سێ ساڵە هیچ پێداویستیەکی هونەری نەهاتوە بۆ ناوەندەکان، بەڵام ئێمە لە بەشە پارەی حانوت (فرۆشگا) کە بۆ وانەی هونەر دانراوە توانیومانە هەندێك شتی سەرەتای دابین بکەین."

جگە لە وانەی هونەر و وەرزش، وانە زانستیەکانی دیکەش پێویستی بە تاقیگە و پێداویستی تایبەتی هەیە بەڵام لە زۆربەی قوتابخانەکان تەنها بە شێوەی تیۆری دەخوێندرێ.

جوانە عەباس عەلی، مامۆستای زیندەوەرزانی لە ئامادەیی کوردستانی نوێ لە کەلار دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە تاقیگەمان هەیە، بەڵام کەم و کورتی زۆرە و هەندێك پێداویستیشمان نیە، لەگەڵ ئەوەش گەورەترین گرفتی ئێمە ئەوەیە گەشتی زانستیمان بۆ ناکرێت بۆ هەندێك بابەت کە پێویستە بە پراکتیکی ببینرێت."

پشکۆ عەلی عەبدولکەریم ، مامۆستای کیمیایە لە قوتابخانەی ئامادەیی بەمۆ لە ناحیەی رزگاری ئاماژە بەوەدەکات: "لە بەشی زانستی تاقیگە بربرەی پشتی هەریەکە لە وانە پراکتیکیەکانە، بۆیە ئێمە تاقیگەمان هەیە بەڵام پێداویستی نیە، کە پێداویستسەکانیش نەبو تاقیگە هەر نەبێت باشە، ئەو پێداویستیانەش کە هەیە کۆنن و ناتوانرێت بەکار بهێنرێن، چونکە بەسەر چون".

وتیشی: "نەبونی پێداویستی گرفتی زۆری بۆ من دروست کردوە، چونکە هەندێك بابەت هەردەبێت بە پراکتیکی بخوێندرێت، بەڵام کە ئەو پێداویستیانە نەبێ ناچارین وانەکە بە تیۆری بخوێنین کە ئەمەش هیچ سودی نابێت بۆ خوێندکار."

جەلال عەبدوڵلا، مامۆستای كیمیا لە ئامادەیی پێباز لە ناحیەی پێباز وتی: "تاقیگەمان هەیە بەڵام هیچ مادەمان نیە، ساڵانی پێشوتر هەبو بەڵام بەهۆی نەبونی پێداویستی تەواو بەكار نەهێنران و بەسەرچون و خراپ بون".

رونیشیكردەوە: "بەهۆی نەبونی كەرەستەی پێویست بۆ بابەتە زانستیەكان و بەتایبەت كیمیا ناچارین هەر بە تیۆری بخوێنین."

یەكێكی دیكە لەو مامۆستایانەی وانەكەی پێویستی بە تاقیگەی تایبەت هەیە ئاماژە بەوە دەكات دە ساڵە وانە دەڵێتەوە پێداویستیەكان هەموی دوبارەیە.

هێمن عومەر خەلیل، مامۆستای فیزیا لە قوتابخانەی ئامادەیی رەوشتی كچان سەبارەت بە نەبونی پێداویستی بابەتەكەی دەڵێت: "لە قوتابخانەی ئێمە تاقیگە هەیە، بەڵام پێداویستی وەك پێویست نیە، من بۆ ماوەی (10)ساڵە مامۆستام ئەو پێداویستیانەی كە دەیبینم هەموی دوبارەیە، لەگەڵ ئەوەش ئەو پێداویستیانەی كە هەیە پێویستی بە شوێنێكی گەورە هەیە بۆ كار پێكردن نەك شوێنێكی بچوك".

وتیشی: "بۆ هەندێك لە بابەتەكان پێداویستی سەرەتای هەیە دەیبەینە پۆلەوە بۆ خوێندكارەكان تا ببینن، بەڵام هەندێكجار گرفتی كارەبامان بۆ دروست دەبێت ناتوانین كاری پێبكەین، چونكە بابەتی فیزیا زیاتر پێویستی بە كارەبایە بۆ بەستن و رەبتكردن."

ئاماژەی بەوەشكرد: "هەندێك ئامێرمان بۆ هێنراوە بۆ ناوەندەكان پێشكەوتوە ناتوانرێت بە ئاسانی بەكاربهێنرێت، بەو هۆیەشەوە هەندێك مامۆستا ئاستی زانستی لەو ئاستەیا نیە بتوانێت كار بەو ئامێرانە بكات، بۆیە لێرەدا پێویستە خول بكرێتەوە بۆ مامۆستایان."

وانەی كۆمپیتەر یەكێكە لەو وانانەی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لە پاڵ خوێندنی بە تیۆری پێویستی بە هۆڵی تایبەت هەیە، لە بەشێكی زۆری قوتابخانەكان پێداویستیەكانیان نیە و تەنها بە شێوەی تیۆری وانەكان دەخوێندرێ.

خالد فەریق، مامۆستای كۆمپیوتەر لە ئامادەیی زرنگ لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "گەورەترین كێشەمان ئەوەیە كە پێداویستی وانەی كۆمپیوتەرمان نیە تا بتوانین بە پراكتیكی بیخوێنین و خوێندكارەكانمان فێر بكەین و بۆ قۆناغی داهاتویان سودی لێببینن."دەشڵێت:" ناچارین هەر بە تیۆری وانەكە بخوێنین ئەمەش هیچ سودێكی بۆ خوێندكار نابێت".

وتیشی: "نەبونی كۆمپیوتەر لە ناوەندەكان هیچ پەیوەندی بە قەیرانی داراییەوە نیە، چونكە هەر بینایەك كە دروست دەكرێت بە پێی ستانداردەكەی هۆڵی تایبەت بە كۆمپیوتەری بۆ دروست دەكرێت، بەڵام بۆ كۆمپیوتەری تێدا نیە نازانم، هۆڵی كۆمپیوتەرمان هەیە لە بری ئەوەی كۆمپیوتەری تێدا بێت كراوە بە ئیدارەی مامۆستایانی ئافرت."

هاوشێوەی مامۆستایان بەرێوبەری قوتابخانەكانیش گرفتیان هەیە و ناتوانن پێویستی قوتابخانەكانیان دابین بكەن.

نەجیب عومەر ئەحمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی بەمۆ لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "پێداویستیەکانی خوێندنگە وەك هەناسە وایە بۆ ئەو بینایە، ئەم ناوەندەی ئێمەش گرفتی هەیە گەورەترین گرفتیشمان ئەوەیە کارەبامان کەمە چونکە کارەبای ئێمە لەگەڵ ماڵاندایە، هەروەها تاقیگەمان هەیە پێداویستیمان نیە، ئەمەش گرفتی زۆری بۆ خوێندکاران دروست کردوە، یەکێك لە گرفتە دیارەکانی ئێمە ئەوەیە کە هاوین دێت قاتی سەرەوەمان وانەی تێدا ناخوێندرێت، بەهۆی ئەوەی نە سپلیت نە موبەریدەشی تێدا نیە".

باسی لەوەشکرد: "بابەتی وەرزش باشە تارادەیەك پێداویستیمان هەیە، بەڵام هونەر هەڵگیراوە بەهۆی نەبونی مامۆستا و پێداویستیەوە، هەروەها بەڕادی ئاو خواردنەوە (4) دانەمان هەیە کەمە بۆخوێندنگەیەکی گەورەی وەك خوێندنگەکەی ئێمە، لە ئێستادا پێویستمان بە (4) دانەی دیکە هەیە، لەگەڵ ئەوانەشدا بابەتی کۆمپیوتەر باشین پێداویستی هەیە بەڵام خەتی ئینتەرنێتمان نیە."

شیلان رەحمان قاسم، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەی رەوشتی کچان وتی: "بینایەکەی ئێمە تازەیە و کاتی خۆی کە دروستکراوە بە پێی ستانداردەکەی هەمو هۆڵەکان دروستکراوە وەك (تاقیگە و هۆڵی کۆمپیوتەر بە کۆمپیوتەریشەوە و هۆڵی هونەری و سیمینار و یاریگای وەرزش)ی، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا گرفتی هەندێك پێداویستیمان هەیە".

وتیشی: "ئێمە تاقیگەی بابەتە زانستیەکانمان هەیە شوێنی بەکارهێنانی وەك کەوانتەر و مەخسەلەی بۆ دروستکراوە، بەڵام گرفتی ئامێرو پێداویستیەکانیمان هەیە، بۆیە بابەتەکان بە تیۆری دەخوێنین."

باسیلەوەشکرد: "ناوەندەکەی ئێمە هۆڵی تایبەت بە هونەری هەیە، بەڵام نە پێداویستیەکانی نە مامۆستای بابەتەکەمان نیە، بەڵام بابەتی وەرزش باشترین، لە روی فێنکەرەوە لە ناوەندی پۆلەکان هیچمان نیە بەس گەرم کەرەوە سۆپامان هەیە، لەگەڵ هەمو ئەمانەش هۆڵێکی گەورەی سیمینارمان هەیە بەڵام هیچ پێداویستی تێدا نیە."

ئەکرەم محەمەد عەلی، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی بەردەسور لە بارەی پێداویستیەکانی قوتابخانەکەیەوە دەڵێت: "قەیرانی دارایی ئەو برە پارەیەی بڕیوە کە پێشتر بۆ کڕینی پێداویستیەکان خەرجدەکرا ئەمەش خۆی گرفتەکەی قوڵکردوەتەوە."

وتیشی: "ئێمە نە هۆڵی کۆمپیوتەرمان هەیە نە هۆڵی هونەری نە تاقیگە نە هۆڵی سیمینار، نە پێداویستیەکانیشی هەیە نە مامۆستای هونەر و کۆمپیوتەریشمان هەیە، ئەو هۆڵانەشی کە دانرابون کراون بە پۆل بۆ خوێندکارەکانمان بە هۆی گرفتی کەمی بینا، لە کاتێکدا خۆشترین وانەش لەلای خوێندکار وەرزش و هونەرە کەچی لەلایەن پەروەردەوە پەراویز خراوە و هەڵگیراوە لە زۆر لە ناوەندەکان."

باسیلەوەشکرد: "نە بە هاوین فێنکەرەوە هەیە نە بە زستانیش گەرم کەرەوە، چونکە نەوت نیە و پێداویستی هاوینیش نیە، هەروەرها گرفتی کەمی رەحلە و کتێبمان هەیە خوێندکارەکان خۆیان کتێبیان کڕیوە، بەڵام بەڕادی ئاو خواردنەوە بە فلتەرەوە (2) دانەمان هەیە بۆ ناوەندێکی گەورەی وەك ئێمە کەمە، هەروەها

ئێمە خۆمان تاقیگەیەکی بچوکمان دروستکردوە بۆ خوێندکاران تا سودی لێوەربگرن ئەو تاقیگەیەش خۆمان پێداویستیەکانمان دابینکردوە لە پەروەردەوە هیچمان وەرنەگرتوە."

لە بارەی هۆکاری کەمی پێداویستی یاخود نەبونی پێداویستی هەندێك بابەت لە ناوەندەکانی خوێندن بەرێوەبەری پەروەردەی کەلار قسەی خۆی هەیە و دەیگەرێنێتەوە بۆ نەبونی بودجە و قەیرانی دارایی.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەرێوەبەری پەروەردەی کەلار، سەبارەت بە نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "من لە کاتی قەیرانی دارایی دەست بەکاربوم ئێستاش کە دەستم بەکارکردوە گرفتی زۆر هەیە لە ناوەندەکان بەتایبەت نەبونی پێداویستی، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکمان هەیە لەسەر دو خاڵ کاریان کردوە یەکەمیان، کۆکردنەوەی ئەو پێداویستیانەبو کە لە ناوەندەکان کۆن بون کۆیان کردەوە و ئەوەی پێویست بو فرۆشتیانەوە و شتی نوێیان پێکریەوە، دوەمیشیان، بە ناوەندەکانی خوێندن گەراون بۆ ئەوەی بزانین چەند پێداویستی پێویستەو چەند گرفت هەیە تا بەپێی توانا بۆیان دابین بکەین." دەشڵێت:" هەندێك گرفتی سەرەتای ناوەندەکانمان چارەکردوە وەك کۆمپیوتەر، بەڵام بۆ بونی مەوادی تاقیگە نەمان توانی هیچ بکەین چونکە بۆ ماوەی(7)مانگی دەست بەکاربونم هیچ مەوادێك نەهاتوە".

وتیشی: "کەمکردنەوەی رۆژانی خوێندن کاریگەری هەبوە لەسەر بابەتەکان بەتایبەت هونەر و وەرزش، لەگەڵ ئەوەشدا پێداویستی ئەو دوبابەتە زۆر کەمن بەتایبەت هونەر ئەویش بەهۆی نەبونی بودجەی پێویست، هەروەها زۆربەی چالاکیە هونەری و وەرزشیەکانمان راگیراوە."

باسیلەوشکرد: "حەوت مانگە دەست بەکاربوم هیچ پێداویستیەك نەهاتوە بەتایبەت کۆمپیوتەر."

## 3. ئاماری ئەو پێداویستیانەی لە قوتابخانە بنەرەتی و ئامادەییەکانی سنوری پەروەردەی کەلاردا هەیە بۆ ساڵی (2016- 2017 ):

بە پێی ئامارەیی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، پێداویستی لە قوتابخانە ئامادەییەکان بەم شێوەیە:

| کۆ | تاقیگە | کۆمپیوتەر | کتێبخانە | هۆڵی سیمینار و هونەر | باخچە | گۆرەپانی وەرزشی | توری ئاو خواردنەوە | سپلیت | سۆپا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لەکۆی 36 قوتابخانەی ئامادەیی | 10 | 28 | 7 | نیە | 20 | 23 | 17 | 29 | 33 |

*خشتەی پێداویستی لە ناوەندەکانی بنەرەتی لە پەروەردەی کەلار بەم شێوەیەیە:

| کۆ | کۆمپیوتەر | هۆڵی سیمینار و هونەر | باخچە | گۆرەپانی وەرزشی | تۆری ئاوی خواردنەوە | سپلیت | سۆپا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لە کۆی 157 قوتابخانەی بنەرەتی | 109 | نیە | 65 | 68 | 85 | 90 بۆ پۆلەکان نیە | 138 |

* ئەو يارييە وەرزشييانەی لە ناوەندەکانی ئامادەيی و بنەرەتی سەر بە پەروەردەی کەلار هەيە بەم شێوەيەيە:

| کۆ | گۆرەپانی وەرزشی | تۆپی پێ | تۆپی باڵە | تۆپی سەبەتە | تۆپی دەست |
|---|---|---|---|---|---|
| لە کۆی 36 قوتابخانەی ئامادەيی | 23 | 20 | 18 | 12 | 3 |
| لە کۆی 157 قوتابخانەی بنەرەتی | 68 | 50 | 38 | 16 | 3 |

## 4. کەمی پێداویستی و گرفتەکانی لە سنوری پەروەردەی کفری:

گرفتی نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکانی خوێندن لە قەزای کفری زیاترە، بەڵکو لە ناوەندەکان هێندە پێداویستی کەمە کە هەندێك مامۆستا نازانێت چ ئامێرێك بۆ تاقیگەکان بەکاردێت و چۆن بەکاردێت.

ئەشرەف عەباس، مامۆستای زیندەوەرزانی لە ئامادەیی دۆغانی تێکەڵ لە قەزای کفری دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە تاقیگە نیە، ئەو پێداویستیانەی کە دەبێت هەبێت بۆ بابەتی بایەلۆجی هیچ شتێکمان نیە، تەنها داتاشۆیەکمان هەیە ئەویش بەکاری ناهێنین چونکە پێویستی بە لاپتۆپ هەیە".

وتیشی: "بابەتی بایەلۆجی پێویستی بە ئامێرەکانی (شیکاری و مایکرۆسکۆب)هەیە، ئەو دو ئامێرە گرنگە بۆ ئێمە نیمانە، لەگەڵ ئەوەش مامۆستامان هەیە تا ئێستا ئەو ئامێرانەی نەبینیوە نازانێت چین و بۆچی بەکاردێن، چونکە نیمانە."

ستار حەمید، مامۆستای کۆمپیوتەر لە قوتابخانەی نیشتمانی بنەرەتی لە کفری، سەبارەت بە نەبونی پێداویستی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکەی ئەوە دەخاتەرو: "لە ناوەندەکەمان کۆمپیوتەر هەیە بەڵام بۆ مامۆستایانە نەك بۆ خوێندکار، ئەگەرچی هۆڵێکی تایبەت بە کۆمپیوتەرمان هەیە و چەند کۆمپیوتەرێکی تێدایە، بەڵام کەم و کورتی زۆرە و بەکاری ناهێنین ئەمەش وەك ئەوە وایە کە هەر نەبێت".

وتیشی: "لە ناوەندەکەی ئێمە کۆمپیوتەر تەنها بە تیۆری دەخوێندرێت، ئەمەش زیانی زۆری بۆ خوێندکار دەبێت، هەروەها نەك کۆمپیوتەر بەڵکو هیچ بەبەتێکی زانستی هۆڵی تایبەت بە خۆی نیە ئەمەش گەورەترین کەلێنی بۆ مامۆستایانی ئەو بابەتە دروست کردوە."

ئیحسان ئەحمەد محەمەد، مامۆستای فیزیا لە قوتابخانەی ئامادەیی فیدراڵ لە قەزای کفری دەڵێت: " پێداویستیەکان وەك پێویست نین و هەمو شتێکمان نیە تا رۆژانە بەکاری بهێنین و خوێندکارەکانمان فێربکەین".

ئاماژەی بەوەشکرد: "خێزانی هەندێك لە خوێندکاران هاوکاری زۆر باشیان کردوین، هەندێك پێداویستیان بۆ کڕیوین."

سابیر هادی حەسەن، مامۆستای وەرزش لە قوتابخانەی بنەرەتی رزگاری لە قەزای کفری دەڵێت: "بۆ ماوەی چەند ساڵە هیچ پێداویستیەکی وەرزشی دابین نەکراوە بۆ ناوەندەکان لەلایەن پەروەردەوە، ناوەندەکەی ئێمەش پێویستی زۆری بە کەرەستەی وەرزشی هەیە، چونکە منداڵ ئارەزوی زۆری لە وەرزش هەیە و جوڵەی زۆرە".

وتیشی: "بەهۆی نەبونی پێداویستی من هەندێك پرۆگرامی وەرزشیم بۆ قوتابیەکانم داناوە لە (15) جۆر یاری و جوڵە پێکهاتوە، هەر جارەو یاریەکیان پێدەکەم و جوڵەیەکیان فێر دەکەم، بۆیە رێگەم نەداوە بە

هۆی نەبونی پێداویستی وەرزشی وانەکە پەراوێز بخرێت، لەگەڵ ئەوەش من پێویستیم بە جل و بەرگی وەرزشی رەنگە جیاوازەکان هەیە، تا بیان کەم بەگروپ و چێژ بە منداڵەکان ببەخشم، بەڵام نیە."

بەشێکی زۆری ناوەندەکانی سنوری پەروەردەی کفری وەك پەروەردەکانی تری گەرمیان توشی قەیرانی نەبونی پێداویستی بونەتەوە بەتایبەت وانەی هونەر کە بەرکەوتەی یەکەم بوە لە قەیرانی دارایی.

سەنگەر کەریم ئەحمەد، مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی شۆرشی بنەرەتی لە قەزای کفری، سەبارەت بە نەبونی پێداویستی هونەری لە ناوەندەکەیان دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە گرفتی نەبونی پێداویستی هونەری زۆرە، هەروەها مامۆستای هونەر لە زۆر روەوە بێبەش کراوە و هیچ پێداویستیەکیشم نیە تا بۆ قوتابیەکانم بەکاری بهێنم، بەڵام ئەوەی لە توانام هەبوە بۆیانم کردوە".

وتیشی: "گەورەترین گرفت ئەوەیە بابەتی هونەر چەند بەشێکی جیاوازی هەیە وەك (شانۆ، موزیك، شێوەکاری)ە، بۆ هەمو ئەمانە یەك مامۆستا هەیە لە کاتێکدا ئەبێت هەر بابەتە و مامۆستای خۆی هەبێت."

ئاماژەی بەوەشکرد: "لە ناوەندەکەی ئێمە نە هۆڵی هونەری تایبەت هەیە نە پێداویستی، ئەوەشی هەیە لە برە پارەی فرۆشگای ناوەندەکە و هەندێکیش لەسەر حسابی خۆم دابینم کردوە، بەڵام پێویستە پێداویستی هونەری گرنگی زیاتری پێبدرێت، چونکە منداڵ ئارەزوی زۆری لە بابەتەکە هەیە."

لەبەرامبەر وتەی مامۆستایاندا بەرێوبەری پەروەردەی کفری دەڵێت پەروەردە پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە و لای ئێمەیش توشی گرفت بوە.

ئیسماعیل سەمین، بەرێوەبەری پەروەردەی کفری، سەبارەت بە نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکانی خوێندن رونیدەکاتەوە: "پرۆسەی خوێندن پرۆسەیەکی قورسە و هەمو ساڵێك پێویستی بە خۆ نوێکردنەوە هەیەو پلان و بەرنامەی نوێی دەوێت، پەروەردەش لە وڵاتی ئێمەدا وەك هەمو سێکتەرەکانی تر توشی گرفت بوەتەوە بە تایبەت نەبونی پێداویستی، لەکاتی خۆشیدا هەندێك پێداویستی دابین کرا بەڵام وەك پێویست نەبو".

وتیشی: "لە ناوەندەکانی ئێمە گرفتی تاقیگە هەیە لە هەندێك ناوەند باشە لە هەندێك لاواز و خراپە و پێویستی بە مەواد هەیە، هەروەها لە هەندێك ناوەند کۆمپیوتەر هەیە لە هەندێکیش نیە، بەڵام وەك پێویست نیە و گرفت هەیە."

سەبارەت بە نەبونی پێداویستیەکانی دیکە پەروەردەی کفری وتی: بونی سپلیت لە ناوەندەکان تەنها بۆ هۆڵی تاقیکردنەوە و تاقیگەکانە لە پۆلەکاندا نیە، بەڵام سۆپایان بۆ دابین کراوە وەك پێویست هەیە ئەمساڵ گرفتی نەوتمان هەبو بەڵام چارەکرا، هەروەها گرفتی کتێبمان هەبو ئەمساڵ بەڵام لە چاو ساڵانی پێشوتر باشتر بو، هەروەها بەڕادی ئاو هەیە لە ناوەندەکان بەڵام وەك پێویست نیە."

## 5. قەبارەی گرفتی پێداویستی لە قوتابخانەکانی گوندەکان:

گرفتی نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکان بە تایبەت دێهاتەکان زیاترە و زیاتر پەراوێز خستنی بابەتی هونەر و وەرزش یەکێکی دیکەیە لە گرفتە دیارەکان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دو رۆژ پشوە لە لادێکان و هاوکات پەراوێز خستنی لەلایەن پەروەردەوە، هەروەها قەیرانی دارایی یەکێکی دیکەیە لە سەرهەڵدانی گرفتەکان.

ئەمەل رەشید وەلی، بەرێوەبەری قوتابخانەی پارێوڵەی گەورەی سەر بە ناحیەی شێخ تەویل، سەبارەت بە نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکەی دەڵێت: "وەك تەواوی قوتابخانەکانی دیکەی سنوری پەروەردەی گەرمیان گرفتی پێداویستیمان هەیە، بەڵام گرفتی ئێمە لە چاو هەندێك لە ناوەندەکان باشترە، گرفتی سەرەکی ئێمە ئەوەیە ئاو و کارەبامان نیە، ئەم لادێیەی ئێمەی لێین هەر کارەبای نیە".

وتیشی: "لە هەموی سەختتر ئەوەیە بابەتی هونەر و وەرزش هیچ پێداویستیەکمان نیە، ئەم دو بابەتە بە تەواوی پەراوێز خراوە لەلایەن پەروەردەوە و هیچ پێداویستیەکیان بۆ دابین نەکردوین، هەروەها گرفتی نەبونی نەوتیشمان هەیە، لەگەڵ هەمو ئەمانەش پێشتر گرفتی کتێبمان هەبو بەڵام ئێستا باشترە."

سەیوان مەحمود ئەحمەد، مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی ئامادەیی هەواسان لە ناحیەی مەیدان دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە هیچ پێداویستییەکی هونەریمان نیە تا شایەنی باسکردن بێت، وانەی هونەر لە زۆربەی ناوەندەکان نەماوە چ جا پێداویستییەکانی".

وتیشی: "وەزارەتی پەروەردە گرنگی بە وانەی هونەر نەداوە، ئەگەر چی بەشێکی زۆری خوێندکار ئارەزوی زۆریان بۆ بابەتەکە هەیە کەچی لە ناوەندەکەی من هەڵگیراوە بەهۆی ئەوەی رۆژانی خوێندن کەمکراوەتەوە، وەك مامۆستای هونەر وا هەست دەکەم زیادم، چونکە هونەر ناخوێنین وەك ئەوە وایە مردبێتم لەگەڵ ئەوەش من سەرپەرەشتیارم (مشرف)م نیە."

بەهەمان شێوەی وانەکانی تر کە پێویستی زۆری بە پێداویستیە، وەرزشیش بێبەش نەبوە لەو گرفتە، بەڵکو نەك پێویستی بە پێداویستی هەیە هیچ گرنگیشی پێنادرێت لە لادێکاندا.

نەبەرد نوری محەمەد، مامۆستا لە قوتابخانەی شاوازی بنەرەتی لە ناحیەی مەیدان، سەبارەت بە نەبونی پێداویستی وەرزشی لە ناوەندەکەیان دەڵێت: "من بۆ ماوەی (4) ساڵە لەو ناوەندە وانە دەڵێمەوە هیچ پێداویستیەك نەهاتوە ئەوەشی هەبو هی کۆن بون، بەتایبەت ئەم دوساڵەی کۆتایی کە خۆم تۆپم بۆ خوێندکارەکان کڕیوە".

وتیشی: "لە لادێکان وەك ناوەندی شار گرنگی بە وانەی وەرزش نادرێت لەلایەن پەروەردەوە، بەڵام من خۆم رێگەم نەداوە وانەکە پەراوێز بخرێت و بە پێی توانای خۆم پێداویستیە وەرزشیەکانم بۆ قوتابیەکان بردوە و فێریان دەکەم."

## 6. گرفتەکانی کەمی پێداویستی و کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی خوێندن:

بە وتەی چالاکوانێکی بواری پەروەردە نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکان پەیوەندی بە قەیرانی داراییەوە نیە، بەڵکو بێ پلانی و بێ بەرنامەیی کەرتی پەروەردەیە کە نەیتوانیوەبە شێوەیەکی باش ئەو گرفتانە چارەسەر بکات، ئێستاش قەیرانی دارایی بە هۆکاری هەمو گرفتەکان دەزاندرێت لە کاتێکدا ساڵانی رابردو قەیرانی دارایی نەبوە.

سیروان حەسەن، مامۆستا و چالاکوانی بواری پەروەردە سەبارەت بە نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "کێشەکانی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا کێشەی بنەرەتین بە تایبەت نەبونی پێداویستی، چونکە هیچ پلانێکیان نەبوە لە ساڵانی رابردودا، هەروەها نەبونی هەندێك پێداویستی وەك بەشە زانستیەکان لە لوتکەی هەرەمی کەم و کورتییەکاندایە، بۆیە نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکان شتێکی نوێ نیە بەڵکو هەر لە کۆنەوە بونی هەیە، دۆخی قەیرانی دارایی لە ئێستادا گرفتەکانی زیاتر قوڵ کردوەتەوە".

وتیشی: "کەمی بینا و زۆری فێرخواز یەکێکی دیکەیە لە گرفتەکان کە هۆڵەکانی تاقیگە و کۆمپیوتەر و کتێبخانەکان کراون بە پۆل لە بری ئەوەی پێداویستی وانە زانستیەکانی تێدا بێت، بۆیە نەبونی تاقیگە و کۆمپیوتەر گەورەترین گرفتن بۆ خوێندکار، چونکە هەرچەند بە تیۆری بخوێندرێت هێندەی وانەیەکی پراکتیکی سودی نابێت."

ئاماژەی بەوەشکرد: "لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا خوێندکار گەشتوەتە ئەو پەڕی بێزاری لە خوێندن بەهۆی ئەوەی بابەتەکانی هونەر و وەرزش لە زۆرێك لە ناوەندەکان هەڵگیراوە یان پەراوێز خراوە، هەروەها چالاکیە وەرزشی و هونەرییەکانیش راگیراوە ئەمەش خوێندکار بێزار دەکات، چونکە بە بەردەوامی دەخوێنن، بۆیە باشترین رێگا چارە بۆ رەواندنەوەی بێزاری خوێندکار لە خوێندن گرنگیدانە بە بابەتی هونەر و وەرزش بۆ ئەوەی پشویەك وەربگرن."

## 7. هۆکاری کێشەکە:

زۆرێك لە مامۆستایان پێیان وایە کە گرفتی نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکان نەبونی پلانێکی تۆکمەیە بۆ کەرتی پەروەردە هەروەها هەوڵنەدانی پەروەردەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە هەن.

سەبارەت بە هۆکاری نەبونی پێداویستی مامۆستا ستار دەڵێت: "هۆکاری سەرەکی ئەم دۆخە خەم ساردی پەروەردە و وەزارەتی پەروەردەیە، چونکە هیچ پلانێکیان نیە بۆ دۆخی پەروەردە، لە ئێستاشدا قەیرانی دارایی کاریگەری زۆری هەبوە و وەزارەتی پەروەردەش ئەم دۆخەی ئێستا دەقۆزێتەوە بۆ بونی گرفتەکان لە کەرتی پەروەردە".

بە هەمان شێوە، بۆ نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکەیان جوانە عەباس دەڵێت: "هۆکاری هەمو ئەمانە خەمساردی وەزارەتی پەروەردە و پەروەردەی گەرمیانە لە بەرامبەر خوێندکاران و هیچ گرنگی بە بابەتە زانستیەکان نەداوە بەڵکو لە بری ئەوە گرنگی بە هەندێك شتی لاوەکی دەدرێت، ئێستاش بۆ هۆکاری هەمو شت دەڵێن قەیرانی داراییە."

سەبارەت بە نەبونی پێداویستی بابەتی وەرزش و پێداویستیەکانی تر لە ناوەندەکەیان ماجد سلێمان وتی: خراپی پرۆگرامی خوێندن و نەبونی پلانی وەزارەتی پەروەردە بۆ خوێندن و قەیرانی دارایی و کەمکردنەوەی وادەی رۆژەکانی خوێندن و دانانی ئەو پرۆگرامەی خوێندن کە بۆ خوێندکار دانراوە و لە ئاستی قوتابیان نیە لە نێویشیاندا پەراوێزخستنی وانەی وەرزش هەمو ئەمانە هۆکاری سەرەکین بۆ بونی ئەم گرفتانەی کە ئێستا هەن."

سەبارەت بە هۆکاری نەبونی پێداویستی هونەری لە ناوەندەکانی خوێندن عەباس ئەنوەر پێی وایە هەمو ئەمانە وەزارەتی پەروەردەیە کە مەنهەجێکی دیاریکراوی بۆ وانەی هونەر و وەرزش دانەناوە، بۆ ئەمەش پێویستە پەروەردەکان بە دویدا بچن و گرنگی پێبدەن لە بەشە وانەکانی رۆژانە ئیهمال نەکرێن یان هەڵنەگیرێن."

تایبەت بە هۆکاری نەبونی پێداویستیە وەرزشیەکان رێکەوت رەوف دەیگەرێنێتەوە بۆ قەیرانی دارایی و دەڵێت: "ساڵانی پێش قەیرانی دارایی با نەڵێین کەرەستەی وەرزشی نەبوە بەڵکو هەبوە، بەڵام وەك پێویست گرنگی زۆری پێنەدراوە لە لایەن پەروەردەوە ئەوەشی کە هەبو ئێستا نەماوە، چونکە بە هۆی قەیرانی دارایی بۆ ماوەی چەند ساڵە هیچ پێداویستی دابین نەکراوە".

مامۆستایەك پێی وایە کەمتەرخەمی پەروەردە و نەبونی پیلانێکی تۆکمە لە ساڵانی رابردو وایکردوە کەرتی پەروەردە روبەروی گرفتی زۆر ببێتەوە بەتایبەت نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکان ئەمەش وایکردوە پەروەردە لە داروخان نزیك ببێتەوە.

ئاسۆ ئەحمەد، سەبارەت بە نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکان دەڵێت: "وەزارەتی پەروەردە هۆکارە بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا تێیداین، چونکە لە کاتی خۆیدا پێداویستی وەك پێویست دابین نەکردوە بۆ ناوەندەکان، ئێستاش کە داوای پێداویستی دەکەین دەڵێن قەیرانە بە هۆکاری ئەم بیانوە وا پەروەردە لە داروخاندایە."

سەبارەت بە نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکان و بەتایبەت پێداویستیەکانی بابەتی کیمیا پشکۆ عەلی دەڵێت: گەورەترین هۆکاری ئەم گرفتانەی کە هەیە لایەنی پەروەردە بەشێوەیەکی گشتی لێی بەرپرسیارە، بۆیە پێویستە تەواوی پەروەردەکان فشار بخەنە سەر وەزارەتی پەروەردە تا پێداویستی تەواو بۆ ناوەندەکان دابین بکەن، لەگەڵ ئەوەش بۆ ماوەی (4) ساڵە لە ئامادەیی بەمۆ وانە دەڵێمەوە یەك کەس لە پەروەردەوە نەهاتوە بڵێت ئێوە پێویستان بە چیە."

سەبارەت بە نەبونی پێداویستی بەڕێوەبەری قوتابخانەی بەمۆ دەڵێ: "هۆکاری نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکان پەروەردەی گەرمیان و وەزارتی پەروەردەیە کە گرنگی پێناتدات."

نەجیب عومەر بەڕێوبەری قوتابخانەی بەمۆ باس لەوەدەکات:" هەندێك پێداویستی پێویستی بە پارەی زۆر نیە، بەڵام پەروەردە خۆی خەمساردە لە بەرامبەر ئەو گرفتانە و چەندین جار داوام بەرزکردوەتەوە، بەڵام تائیستا وەڵام نەدراوینەتەوە."

سەبارەت بە هۆکاری کێشەکە بەڕێوەبەری پەروەردەی کەلار، عەدالەت لەتیف وتی:"هۆکار زۆرن بۆ بونی ئەو گرفتانەی کە ئێستا هەن یەکەم نەبونی بودجەی پێویست کە هەموشتێکە و کاریگەری زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، یەکیکی دیکە لە هۆکارەکان خراپی دابەشکردنی پێداویستیەکانە بەسەر ناوەندەکان کە ناتوانم بڵێم بە بێبەرنامە کراوە بەڵام ئەگەر وابوایە بۆچی ئێستا ئەم گرفتانە هەیە، زۆرێك لە ناوەندەکان پێداویستی زۆرە هەندێك هەر نیەتی، لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا ئەوەی پەیوەندی بە داراییەوە هەبێت من ناتوانم هیچ شتێك بکەم، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە کارگێری هەبێت کاری لەسەر دەکەم و هەمو کارێکیشم لە رێگەی لیژنەوە دەکەم و خۆم سەرپەرەشتی دەکەم."

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، سەبارەت بە نەبونی پێداویستی لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "لە دەست بە کاربونمەوە تاوەکو ئێستا یەك جار بودجە هاتوە بۆ پەروەردە ئەویش 2013 بو، لەو ساڵەشدا توانیمان زۆربەی پێداویستیەکان لە ناوەندەکان چارە بکەین بە شێوەیەکی گشتی، لە دوای ئەو ساڵەشەوە هیچ بودجەیەکمان بۆ نەهاتوە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە نەوەستاوین بە پێی توانای خۆمان پێداویستی زۆرێك لە ناوەندەکانمان چارەکردوە، ئەڵام ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت کە بڵێین گرفت نیە".

وتیشی: "لە ئێستادا ئێمە گرفتی رەحلەمان هەیە لە گەڵ کۆمپیوتەر، ئەگەرچی بە هاوکاری رێکخراوی یونسێف بەشێکی زۆری رەحلە شکاوەکانمان چاککردوەتەوە، بەڵام چارەسەری بنەرەتی نیە، هەروەها داتاشۆمان دابەشکردوە بەسەر ناوەندەکان بەڵام ئەویش پێویستی بە کۆمپیوتەر هەیە و ئێمەش لە بەردەستمان نیە دابینی بکەین."

ئاماژەی بەوەشکرد: "کەمکردنەوەی رۆژەکانی خوێندن کاریگەری زۆری هەبوە بە سەر وانەکان بە تایبەت هونەر و وەرزش، لەگەڵ ئەوەش پێداویستیان نیە، بەڵام سالانەش چالاکیمان هەبوە و ئەمساڵیش وا بەنیازین خولی فێربونی موزیك بۆ خوێندکارەکانمان بکەینەوە پارەشمان بۆ دابین کردوە."

سەبارەت بە بونی هۆڵی تاقیگە و کۆمپیوتەر و پێداویستیەکانیان بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان وتی: "لە زۆرێك لە ئامادەییەکان هۆڵی کۆمپیوتەر و تاقیگە هەیە بەڵام پێداویستی مەواد و کۆمپیوتەر کەمە و نیە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە بۆ ماوەی پێنج ساڵە هیچ پێداویستیەك نەهاتوە ئەوەشی کە هەن هی کۆنن، هەروەها بەهۆی زۆری خوێندکار لە ناوەندەکان هۆڵەکانیان کراون بە پۆل."

هەروەها بۆ بونی سپلیت و سۆپا باسیلەوەکرد:" بۆ پۆلەکان ناتوانین سپلیت دابین بکەین بەڵام بۆ سۆپا دەتوانین هەمو ناوەندەکان سۆپایان هەیە بە دەگمەن نەبێت، تەنها دەتوانین سپلیت بۆ هۆڵی تاقیگەکان و تاقیکردنەوەکان دابین بکەین یان موبەریدە."

رونیشیدەکاتەوە:"لیژنەمان هەیە و بە ناوەندەکاندا دەگەرێن هەر کەم و کورتی هەبێت بۆمانی دەهێننەوە ئێمەش لە رێگەی نوسراوەوە بەرزی دەکەینەوە بۆ سەرەوە چەند پێداویستیمان پێویست بێت بەڵام ئەوان هیچ وەڵاممان نادەنەوە بەهۆی ئەوەی پارە نیە."

## 8. میکانیزمی دابەشکردنی پێداویستیەکان بەسەر ناوەندەکان:

سەبارەت بە میکانیزمی دابەشکردنی پێداویستی بەسەر ناوەندەکانی خوێندندا، بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان دارا ئەحمەد، دەڵێت: "هەر برە پارەیەك یان هەر پێداویستیەك کە دێتە لای ئێمە، سەرەتا لەگەڵ بەرێوەبەری پەروەردەکان کۆبونەوە دەکەین و شێوازی دابەشکردنەکەی بەم شێوەیە دەبێت (75% بۆ کەلار، 20% بۆ کفری، 5% بۆ خانەقین)، ئەوانیش لە رێگەی لیژنەی تایبەت بە خۆیان بە دواداچون دەکەن بە ناوەندەکانی خوێندندا تاوەکو لە کوێ پێداویستی پێویستە هەر لە رێگەی ئەو لیژنەیەوە دابەش دەکرێت".

وتیشی: "سەبارەت بە برە پارە و بودجە لەگەڵ پارەی فرۆشگاکان بۆ بنەرەتی و ئامادەیی بە پێی ژمارەی خوێندکاران برە پارە دابەشدەکرێت و ئەویش هەر لە رێگەی لیژنەوە دەکرێت."

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان:

1. پێویستە گرنگی بە پێداویستی تاقیگە بدرێت بۆ وانە زانستیەکان، چونکە نەبونی ئەو پێداویستیانە لە ئاستی زانستی خوێندکار کەم دەکاتەوە.

2. گرنگی بە وانەی هونەر و وەرزش بدرێت لە ناوەندەکان لە بری ئەوەی بکرێت بە وانەیەکی لاوەکی یان هەڵبگیرێت لە بەشە وانەی رۆژانە، لەگەڵ دابینکردنی پێداویستیەکانیان.

3. چالاکی هونەری و وەرزشی و گەشتە زانستیەکانی خوێندکاران گرنگیان پێ بدرێت، چونکە حەزی خوێندکار بۆ خوێندن زیاد دەکات.

4. پێویستە پلانێکی تۆکمە هەبێت لە کەرتی پەروەردە بەگشتی و بەتایبەت بۆ چۆنیەتی دابینکردن و پاراستنی پێداویستیەکان بۆ ناوەندەکانی خوێندن.

5. دابینکردنی پێداویستی وانەی کۆمپیوتەر خاڵێکی گرنگ و هەستیارە کە دەبێت گرنگی پێبدرێت، چونکە خوێندنی وانەی کۆمپیوتەر بە تیۆری سودێکی ئەوتۆی نابێت بۆ خوێندکار.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**
ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە
هونەر حەمید مەجید، دۆسیەی تەندروستی

**بۆپەیوەندی:**
07702303676 – 07480207400
Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org